ئاوی دەریا ئاوێکی پاککەرەوەیە، ومردارەوە بووی دەریایش حەڵاڵە

لە ئەبی هوریرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پیاوێک پرسیاری لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کرد، ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، ئێمە سواری کەشتی دەبین لەسەر دەریا، وهەندێک ئاو لەگەڵ خۆمان دەبەین، ئەگەر دەستنوێژ بگرین بەم ئاوە تینوومان دەبێت، ئایا دەکرێت بە ئاوی دەریا دەستنوێژ بگرین؟ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «ئاوی دەریا ئاوێکی پاککەرەوەیە، ومردارەوە بووی دەریایش حەڵاڵە».

[سەحیح - ڕاست)] [رواه أبو داود والترمذي والنسائي وابن ماجه وأحمد]

پیاوێك پرسیاری لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کرد، ووتی: ئێمە لەنێو دەریادا سەفەر دەکەین بۆ ڕاو وبازرگانی وهتد، وکەمێك ئاو لەگەڵ خۆمان دەبەین کە بۆ خواردنەوە دەشێت، ئەگەر ئاوی خواردنەوە بۆ دەستنوێژگرتن وخۆشۆردن بەکاربهێنین؛ ئەوا ئاوەکە نامێنێت ئاوی شیاومان دەستناکەوت بۆ خواردنەوە، ئایا دروستە بە ئاوی دەریا دەستنوێژ بگرین؟ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سەبارەت بە ئاوی دەریا؛ فەرمووی: ئاوەکەی پاك وپاککەرەوەیە؛ دروستە بۆ دەستنوێژگرتن وخۆشۆردن بەکاربهێنرێت، وخواردنی گۆشتی ئەو ئاژەڵەی لە دەریادا دەژی دروستە وحەڵاڵە وەکو ماسی ونەهەنگ وهتد، ئەگەرچیش سەرئاو بکەون وبە مردوویی بدۆزرێنەوە لەسەر دەریا بەبێ ڕاوکردن.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/8355